Dengekan

نامەیەك بۆ بەرپرسانی وڵات ..

## ئەرێ کەی ئێوەش سەری مەنجەڵی ماڵە هەژارەکان هەڵدەدەنەوە ......؟؟؟

رزگار کۆچەر
rzgarkochar@hotmail.com

دەگێرنەوە جارێك زعیم عبدالكریم قاسم بەیانیەکی زوو بە کراس وبێجامەکەی دەچێتە نانەوا خانەیەك لە بەغدا بۆ ئەوەی نان بکرێت , پاش ئەوەی زەعیم عبدالكریم دەگاتە بەردەم نانەوەخانەکە دەبینێت خەڵکێکی زۆر وەستاوەن بۆ ئەوەی نانیان بەر کەوێت , کە زەعیم عبالكریم سەیرێکی ناوەخانەکە دەکات دەبینێت نانەواخانەکە بە رادەیەکی زۆر نانەکانی بچوکن وخەڵکیش ناوێرن قسە بکەن تەنها لەبەر ئەوەی خاوەن نانەواخانەکە وێنەیەکی زۆرگەورەی عبدالكریم ی لەناو نانەواخانەکە هەڵواسیوە لەم کاتەش عبدالكریم قاسم لە خاوەن نانەواخانەکە نزیك دەبێتەوە و پێ دەڵێت هیوا دارام ئەم وێنەیەی کە هەڵت واسیوە تۆزێك بچوکی کەیتەوە باشترە نەوەك خەڵك لە زوڵی تۆ گلەیی لەمن بکەن , لە جیات ئەمەش کێشی نانەکان تۆزێك گەورەترکەیت باشترە تا هاوڵاتیان سود مەند بن و نەڵێن لە ژێر وێنەکەی زەعیم خەڵك فێلی لێدەکرێت !! دیارە قسە کردن لەمەر ئەم بەسەر هاتە دەمان خاتە بەردەم پرسیارێك کە ئاخۆ ئێستا سەرکردەکانمان چەندە ئاگاداری خراپی رەوشی خەڵکن و چەندە ئاگاداری قورخ کردنی بازاروەن کە لەلایەن خەڵکانێکەوە بەکەیفی خۆیان رۆژانە یاری بەنرخی کەلوپەلەکان دەکرێت و بەکەیفی ئەوانیشەوە زیادو کەم دەکرێت ,یان چەندە خۆیان لە ماشێنە زەخم و دوا مۆدیلەکانیان هاتونەتە خوار بۆ ئەوەی پیاسەیەك لە ناو خەڵك بکەن ؟؟؟؟ دوای ئەمەش من دەپرسم کام لە بەرپرسانی وڵات ئاگاداری نەرخی کالاو کەلوپەلەکانی ناو بازاران و کامە لە ئەوان رۆژێك لە رۆژان پیاسەیەکی بەنێو بازارەکانی کوردستان کردووە تا بە چاوی خۆی باری خراپی ئەو خەڵکە ببینێت ؟؟؟؟ یان کامەیان بۆ تەنها جارێك کیلۆیەك تەماتەی بە دەستی خۆی کریوە نەوەك کارەکەری ماڵەکەی بنێرێت تا بە پیکاب کەلوپەلە پێوستەکانی ماڵی بۆ بێنێتەوە ماڵ ؟؟؟ لەگەل ئەوەش ئێستا لە کوردستان زۆر لەم بەرپرسانە خۆیان موڵکداری هەندێ لەم کۆمپانیاو گروپی کارنە دەکەن کە هەموو جۆرە کەلوپەلێك بۆ کوردستان دەهێنن وبەنرخێکی گران لە بازاردەی فرۆشنەوە بەبێ رەچاو کردنی ستۆك بون و مەرجە تەندروستیەکان , ئەوەی مەبەستەمە لەم نوسینە , خۆی لەمە دەبینێت کە ئاخۆ زگە تێرەکان کە پیاوەکانی دەسەڵات و بەرپرسەکان بەشێکی گەورەی ئێستای نیو کۆمەلگای کوردەواری پێك دەیهێنن ئاگاداری رەوشی خراپی چینی هەژارو کەم دەرامەتن کە رۆژ لە دوای رۆژ بە هۆی نەبوونی یاسایەك بۆ ریکخستنی بازارو دانانی نرخ بارودۆخیان لە خراپ بەرو خراپتر دەروات ؟؟ ئاخۆ کەی رۆژێك دادی ئێمە مانان پیاوە عشق گرتووەکانی بەردەم کامیرای تەلەفزیۆنەکان دەبینین سەری مەنجەڵی ماڵە هەژارەکان هەڵدەدەنەوە و لەگەل ئەوان لە هەمان سفرە کۆدەبنەوە ؟؟